ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دانانی کاریگەری دیامانت لەسەر نووسین

نووسەر : Awat Suleimanpoor

@: Awat.Suleimanpoor@Gmail.Com

زۆر کاریگەری جوان هەیە کە دەکرێ لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دا لەسەر نووسین دابنرێت، یەکێك لەوانە کاریگەری دیامانتە لەسەر نووسین، کە کاریگەریەکی جوان و ئاسانە دروستکردنی.
لەم وانەیەدا چۆنیەتی دروستکردنی ئەو کاریگەریە شی دەکەمەوە.

پەرەیەکی نوێ بکەرەوە بە قەبارەی 400x 200
ڕەنگی پاش و پێش لە فۆتۆشۆپ دا وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە ڕێکبخە.



کۆدی ڕەنگەکە 666666 ـە.

پاشان نووسینێك بنووسە لە نێو پەڕەکەدا. بۆ نموونە All4Kurds.Net.



ئێستا دەبێ نووسینەکەت rasterize بکەیت، بۆ ئەو مەبەستەش بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەتدا لە سەر چینی نووسینەکە کرتە بکە و دواتر rasterize کرتە بکە.
بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە سەیری وێنەی خوارەوە بکە.




بۆ ئەوەی کاریگەری دیامانت لەسەر نووسینەکە دابنێین، پێویست دەکات هەندێ فیلتەری جیاواز بەکار ببەین.

برۆ بۆ Filter/Distort/Glass و وەك زانیاری خوارەوە ڕێکی بخە.
Distortion 7.
Smoothness 1.
Texture Tiny Lens و Scaling 50%.

وەك لە وێنەی خوارەوەش ڕوونكراوەتەوە.




دەبێ تا ئێستا بە شێوەیەكی وەك ئەوەی خوارەوە گەشتبی.




كرتە بكە سەر دووگمەی f لە چكۆلەی خوار تابلۆی چینەكان.




پاشان برۆ سەر Stroke و دواتر وەك وێنەی خوارەوە ڕێکی بخە.




دووجار کرتە بکە سەر ئەو بەشەی کە بەڕەنگی سوور دیاریکراوە.
پەنجەرەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە.




ڕەنگەکان وەك وێنەی سەرەوە هەڵبژێردراوە، ڕێك بخە.
پاشان بڕۆ بەشی Bevel and Emboss و وەك لە وێنەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە ڕێکی بخە.




پاش کۆتایی هێنان بەو هەنگاوانەی سەرەوە دەبێ بە شێوەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە گەشتبی.




بۆ ئەوەی کاریگەریەکە جوانتر و ڕازاوەتر دەرکەوێ، دەتوانی ڕەنگی پاشبنەمای بگۆڕی بۆ ڕەش.




ئەنجامی کۆتایی لای من بەم شێوەیە بوو.




کۆتایی.

Nov 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت